**خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی: پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی - پاسۆک-**

گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی.. بەرگی یەکەم ژمارە ١-١٦/ چاپی٢٠٢٢
ژمارە ٣ نیسانی ١٩٨١ نەورۆزی ٢٥٩٣

ئاڵای سووری کوردایەتی// ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک
لەم ژمارەیەدا نووسراوە: نرخی بەپێی توانایە..

پێدەچێ نەداری وای لە پاسۆک کرد بێت، بیر لە فرۆشتنی ئۆرگانەکەی بکاتەوە.. ئەگەرچی کارێکی ڕەوا و ئاساییە، هاوکات دەست و دڵ کراوەشە، نرخی بە پێی توانا بۆ دیاری کراوە..

بەرگەکەی لۆگۆی خۆرێکی لەسەرە چوار تیرۆژی لێ بۆتەوە . مەشخەڵێکی بڵێسەدارە قەدەکەی / دەستکەکەی قەڵەمێکە و خەنجەرێکیش بە نیوە کەوانەیی لەتەنیشتییەوە کێشراوە.. هەردوو دروشمە ناوەندییەکەی بە تۆخی بەسەر بەرگی گۆڤارەکەوە دەدرەوشێنەوە.[[پێش ئەوەی هەر شتێ بین، ئەبێ کوردبین]] و [[چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە]].. لەم ژمارەدا ١٥ بابەتی جۆراوجۆر بەرچاو دەکەون.. کە وەک ژمارەکانی پێشوو ٤ یان هەمیشەیی نەگۆڕن.. لەبەرئەوەی بەشێکی زیندووی ناسنامەی حیزب بوون.. هەروەها قەبارەی بریتییە لە ٤٣ لاپەڕە و بە بەراورد بە ژمارەکانی پێشوو، لاپەڕەکانی زیادی کردووە.

کۆپلە شیعرێکی شۆڕشگێڕیی دەروازەی گۆڤارەکە دەخاتە سەر پشت و مانا و پێداویستی شۆڕشی کورد و پێداویستییەکان و فەلسەفەی بوونی بە ناچاریش بێت ڕوون دەکاتەوە:

تەنیا لە لوولەی تفەنگ دا

ئازادی چاوی هەڵدێنێ..

هەق بانگ ئەدا.

تەنیا هەر لە ئاستی چەکا

داگیرکەر مل کەچ ئەکا..!

دەکرێ بەسەدان لاپەڕە لەسەر ئەو چەند دێڕە کورتە بنووسین، چونکە زحر شتی مێژوویی و سیاسیمان پێدەڵێ، لێ بەکورتی و کرمانجی لە کرۆکدا ئەوەی روون و ئاشکرایە بریتییە لە: داگیرکەران ئاشتییان ناوێ زمانی دیالۆگ ڕەت دەکەنەوە. ئەقڵێتیان هێندە داخراوە، ترووسکەی دانوساندنیان تێدا بەدی ناکرێ.. وەک یابانییەکان دەڵێن:" ئەگەر گەوجی پێشکەوت، ژیری پاش دەکەوێ".. لێرەش لەم ژینگە تەمومژاوییەی دەوری کوردی داوە، دەرفەت بۆ رزگاری لە کۆلۆنیالیزم تەنیا خەباتی چەکدارییە...ئاخر لەمێژە گووتراوە" لە کوێدا قسە نەچێتە ناو گوێوە، مرۆڤایەتی تێیدا دۆڕاوە"..بە درێژایی مێژوویەکی خوێناوی نێوان داگیرکەران و کورد بیر جگە لە شەڕ و کاولکاری بەولاوە لە هیچی تر نەکراوەرەوە..دۆخی کورد لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ تورک و فارس و عەرەبدا و بێ ئاکام بوونی تێژڕای هەوڵەکان، بەڵگەی زیندووی ئەم گوێ نەگرتنەیە! نێرجسیەتی لەخۆبایی بوونی ئەوان و ئەقڵێتی گرفتاربوونیانە بە وەهمی دەسەڵات و ئاغایەتی..

گەر بەوردی دیقەت بدەین لە مێژووی داگیرکەران و تەنانەت هەوڵەکانی کورد بۆ چارەسەری ئاشتی لەتەکیان دا، لۆژیک و هەقیقەتی تەواو لەم پەیامە شیعرییەدا دەبیننەوە.. گووتە بەناوبانگەکەی گاندی مەزن" مێژوو مرۆڤ فێر دەکات، کە مێژوو هیچ فێری مرۆڤ ناکات" کتومت لێرەدا ڕەنگی داوەتەوە..

ئەوەیشی لێرەدا نەرێنی بەسەر کورددا شکاوەتەوە، فەرامۆشکردن یاخود کەم بایەخییە بۆ شێوازەکانی خەباتی مەدەنی و دیبلۆماسی و لۆبیستی و تەنانەت ئابووریی و کولتووریی و هونەریی و وەرزشیش. ئەم کێماسییە بەزەقی بە مێژووی سیاسی کوردەوە دیارە.

سەروتارێک لەسەر شوناسی سەربەخۆیی کوردبوون و خۆ ڕزگارکردن لە پاشکۆی تەواوی حیزب و هێزە سیاسییەکان لە چەپەوە بۆ ڕاست.. هاوکات تەواوی بیروڕێبازەکان کە دووربوون لە گیان و هەستی کوردایەتییەوە.. لەم ڕووەشەوە بە ئەزمونە تاڵەکانی مێژوودا گوزەر دەکات پێمان دەڵی:کردنی هەر هەموو شت لەپێناوی کورد و کوردستاندا دروست و تەواوە..!

لە یادی پیرۆزی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کە مێژووەکەی لە ١٨٩٨/٤/٢٢ ەوە دەست پێ دەکات، وتار و یادهێنانەوە نووسراوە و سڵاوێک بۆ وشەی پیرۆز و قەڵەمی ئازای کوردیی نێردراوە. ئەوجا لە مانگی نیسان / ئاپریل دا چی لە ڕۆژمێریی کورددا رووی داوە، مشتێک لەو خەرمانە بەسەر کراوەتەوە.. ئەمەش بەردەوامی کارکردنە لە مێژوو و یادەوەرییەکانیدا جا گەش بن یاخود تاڵ و نائومێدیی..

وتاری [[ڕازێکی کوردانە]]ی ئەم ژمارەیە: "چارەسەری بنەبڕی مەسەلەی کورد مافی دیاریکردنی چارەنووسیەتی."

کورد مێژوویەکی تاڵ و ئازاراوی لەگەڵ دروشمەکانی ئۆتۆنۆمی و خەباتی هاوبەش دژی ئیمپریالیزم و پێکەوە ژیان و دروشم و شتگەلێکی تر هەیە و دواجاریش هەر کورد زەرەرمەند بووە و لە پرۆسەژەدا دەستی لەبنی هەموو هەمانەکان دەرچووە.. چونکە هەم دروشمەکەی ناواقعی بووە و هەم ئەقڵێتی ئەوان ئەم تووەی تێدا شین نابێت..ئەمەش هۆکاریی ڕیشەیی خۆی هەیە ، لە فیکر و سیاسەت و نەزانی و سادەیی و دواکەوتوویی کورد و جارەوجار ناواخنی درێژەی ئەم باسانەمان لەم خوێندنەوەدا بەرچاو دەکەوێت..

وتارەکە شیکارێکی مێژوویی ئەم باسە هەستیارە کراوە، کە تا ئیمڕۆ جێی مشتومڕی سیاسی و فیکری حیزبە کوردییەکانە... بەداخەوە وزە و توانست و بڕشتێکی زۆری بزافی کوردی هەڵلوشیووە.. بەدرێژایی مێژووی گەلان هیچ میللەتێکی داگیرکراو و دابەشکراو نەبووە یەکلایەنە بڵێ من دەمەوێ لەگەڵ داگیرکەرەکەمدا بژیم و باسی پێکەوە ژیان و خەباتی هاوبەش بکات... دیموکراسی بۆ داگیرکەر بوێ و خۆی بە مافی ئۆتۆنۆمی ڕازی بێت! داگیرکەریش هەر بیکوژێ و بیکوژێ و فەرهەنگی بسڕێتەوە و لە سێدارەی بدات لە کوردبوونی بخات و ڕایگوێزێ و زێند و نیشتمانی کاول بکات.. تەنیا کورد بەو مۆدێلە کاری کردووە لەدوای جەنگی جیهانییەوە کە سەردەمێکی زێڕینی رزگاری گەلانە.

ئاڵای سوور دەنووسێ" {حوکمی زاتی}فشە و راستەقینە ( ئەگەر وەک قۆناغ و وچانێک نەبێت) ناهێنێ فیشەکێکی بۆ بتەقێندرێ و گیسکێکیشی بۆ وەکوژرێ."
ئەزموونی گەلان نیشانی داوین هیچ میللەتێک نییە بندەست بوو بێت بۆ سەربەخۆیی تێ نەکۆشابێ!..

هیچ لایەک بە ئۆتۆنۆمی ڕازی نییە، داگیرکەرانی کورد ئۆتۆنۆمیشیان بە کورد بە ڕەوا نەبینیووە و نابینن.. جا کە تۆ هەر خەبات دەکەیت و گیانبازی بە بە ژیانی خۆت دەکەیت! ئەوانیش سڵ لە کوشتن و قڕکردنت ناکەنەوە، ئەی بۆ لەسەرەتاوە داوای هەقی ڕاستەقینەی خۆت ناکەیت؟!.. وتارەکە نزیکەی ٨ لاپەڕەی گرتۆتەوە.

فەرهەنگ و کەلەپووری میللی کوردی دەوڵەمەندە بە شتی جوان و بەهێز، بۆ ئاڵا هەر جارێک چەپکێ گوڵی لێ دەخاتە ناو ئینجانە لەسەر ڕەفە و تاقەکانی خۆی دادەنێ. شیعری (سنووری کوردستان) ی حاجی قادری کۆیی.. بۆن و بەرامەی خۆی دەدات.. ماتزینی مەزن دەڵێ:" نیشتمان بەر لەهەر شتێ هوشیارییە بە نیشتمان ". ئەوەش هوشیاری حاجییە بە کوردستانەکەی...

[[شادەمارە سەرەتاکانمان]]: "ڕامان بەرانبەر هەموو بەرەو لا و کۆڕ و کۆمەڵ و کەسێک، لەبەر ڕۆشنایی هەڵسوکەوت و ڕایاندا دەبێت بەرانبەر نەتەوەکەمان.." شەنوکەوێکی ورد و بابەتی چڕوپڕی ئەم باسە هەستیارە کراوە و گۆڤاری ئاڵا بە دووروودرێژی تیشکی خۆی خستۆتە سەر پاشخان و پێشخانی ئەم بیرکردنەوە و هەڵوێستە و بە لۆژیکێکی بەهێز خوێنەر بەرەو هەقیقەت ڕادەکێشێ و دەنووسێ: " عەینی عەقڵ و سیاسەتی زانستی و واقعیش ئەوەیە، کە شتەکان وەکو هەن ببینرێن و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت، نەک وەکو ئەوەی دڵمان دەیخوازێ.." ئەم خوێندنەوەیە لەسەر زەمینەی واقع و بنەمای ئەو ئەزموونانە دروست بووە، کە مێژووی کوردی نەخشاندووە.. مێژوویەک پڕ لە وانە و بەسەرهاتی تراژیدیایی لەگەڵ داگیرکەرەکانی دا!.. ئاڵای سوور پێی وایە دەبێت [[ مەسەلەی کورد تەرازووی زێڕهەڵکێش]] بێت.. خەباتی نەتەوەیی لە چوارچێوەی پاسۆک دا لەبەرایی هەر هەموو شتێکەوە بۆ کورد و کوردستان بووە.. بەم پێیە لەچاوی بەرژەوەندی کوردەوە تەماشای هەموو دنیا کراوە و ئێستاش دەکرێ و پێویستە بکرێ!.. ئەودەم و تا ئیمڕۆش کەموزۆر ئەم جۆرە بیرکردنەوەی جێ ڕەخنە و بەکەم تەماشاکردنی هەندێ کەس و لایەکی فیکری سیاسییە!.. تیرۆرێکی فیکری لە کوردستاندا خوڵقێندرا بوو، زۆر کەس و لایەن بە شەرمیشەوە دەترسان ناوی کورد و دۆزە ڕەواکەی بهێنن. خۆیان بە برا هەرە بچووک و ڕۆڵە دڵسۆز و گیان لەسەر دەستی دەوڵەتە دەستکردەکانی داگیرکەری کوردستان لە قەڵەم دەدا.. گووتەیەک هەیە دەڵێ:"زۆربەی ئەو قسانەی دەترسین بیانڵێین، ئەو قسانەن کە دەبێت بگووترێن" کورد ترساوە ڕەپوڕاست داوای هەقی خۆی بکات... ئەم هۆکارەش بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر ئەو زیانەی بە کورد گەیاند، دۆزەکەی وەک کێشەیەکی ناوخۆی ئەو دەوڵەتانە تەماشا دەکرا..بۆیە تەماشاکردنی جیهان لە کلاوڕۆنەی نیشتمانی خۆتەوە، وای لە بایرۆن کردووە بڵێ" ئەو کەسەی وڵاتەکەی خۆش نەوێ ، هیچ شتێکی خۆش ناوێ".. بەڵێ ئەوانەی بەناوی ئاین و ئایدۆلۆژیا و کۆسمۆپۆلۆتییەکان بانگاشەی هەر خۆشەویستییەک بکەن لەئاست هەقیقەتدا کورتیان هێناوە و دێنن.

ئاڵا لە وتارێکدا بەناونیشانی: [[ئەم کورد کوردێنە بۆ]]؟!.. جارێکی تر پڕ بە گەرووی بۆ پرسە نەتەوەییە ڕەواکە هاوار دەکات و بۆ هێندە هاواریی کوردبوونێتی ، وەڵامی پوخت و کاکڵەکراوی هەمووان دەداتەوە .. بسمارک دەڵێ:" سەرکەوتنی گەشەی نەتەوەیی هەر وڵاتێک بە شێوەیەکی بنەڕەتی وەستاوە لەسەر کەمینەی خوێندەواری وڵات..تێکچوونی ئەو کەمینە خوێندەوارە نەخۆشی درێژخایەن پێک دێنێ".. ڕێگری لە پاسۆک و دژایەتی بیری نەتەوەیی ئەو دەردوبەڵا و کێشانەی هێناوەتە سەرمڕیی بزاڤی کوردایەتی کە ئێستا ڕۆژانە بە لوتماندا دەتەقێنەوە..

کوردبوون وەک بوویەک لەبەردەم هەڕەشەی نەماندایە، ئیدی هەر پەرۆشییەکی بۆ دەربڕین ، نابێت جێی سەرسوڕمانی کەس بێت. لە دنیای شارستانێتی ئیمڕۆدا ئاژەڵێک/ پەلەوەرێک بوونی بەرەو قڕان و نەمان بڕوات، مرۆڤایەتی بە شانازییەوە هاواری لێ هەڵدەستێ و بۆی دەکەوێتە هەڵپەوە و بەرگری لە نەمانی دەکات..خەمی کوردگەلێک بۆ نەتەوە و خاکەکەیان نابێ بێتە جێی لاقرتە و گاڵتەجاریی هیچ بەرە و لایەک.. " بەهێزترین خۆشەویستی، خۆشەویستی نیشتمانە" ئەبرەهام لینکۆلن.

[[تیشکێک لە خۆری کوردایەتی]] تۆماری چالاکییە پێشمەرگایەتییەکانی پاسۆکە..
لێرەدا دەمەوێ سەرنج بۆ چۆنایەتی و چەندایەتی بیر و سیاسەت و هەڵویستی بێهاوتای پاسۆک بکەم و نموونەیەکی دیار و زیندوو بکەمە گەواهی ڕاستییەکانی بەر چاوی خوێنەر.

بەکورتی: شەوی ١٦-١٧ /٢ / ١٩٨١ دەستەی شەهید (ملازم حەمەشەوقی) ١٩ قوتابی بەعسی لە پلەی سەرەتایی تاوەکو (نصیر متقدم) کە پلەیە حیزبی بەرز بوو، دەگرن کە ٨ دانەیان خەڵژی ئەردون بوون. ناوناونیشانی پلەی حیزبیان ڕیزبەندکراوە.. بەم چالاکییە شڵەقانێکی گەورە لە بەغدا و عەمان و پایتەختەکانی تری عەرەبیدا دروست بوو. درێژەی نادەمێ چونکە بەوتارێکی دووروودرێژ لەسەر ئەم ڕووداوەم نووسیووە. ئەوەی زۆر گرنگە دواتر پاسۆک مەرجی بەردانیان دەبەستنەوە بە: بەردانی ١٠٠ خێزانی گیراوی سیاسی هەموو لایەنەکانەوە بەم جۆرە: ٢٠ خێزانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان/ ٢٠ خێزانی حیزبی شیوعی عێراق/ ٢٠ خێزانی پارتی دیموکراتی کوردستان/ ٢٠ خێزانی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان / ١٠ خێزانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان- کە باڵێکی یەکێتیە/ ١٠ خێزانی پاسۆک..

ئەمەش لەسەر بنەمای باوەڕ و پرنسیپێک کردووە:" چونکە ئێمە سەنگەر لە هیچ کوردێکی دڵسۆز جوێ ناکەینەوە!". بۆ زیاتر زانیاری تەماشای ئەم وتارە بکە:

https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news&id=٨٧٧٠١&authorid=٤٤٣٦

ئەمە لە کاتێکدا ئەو دەمیش حیزبەکانی تری کوردستان هەر بەدوای بەرژەوەندی خۆیان وفڕکان فڕکانی دەستکەوتەکانەوە بوون... پاسۆک دەیتوانی بە بازرگانی کردن بەم قوتابیانەوە بۆ نموونە: ملیۆنان دۆلاری پێ وەرگرێ بۆ خۆی! یان ئیمتیازی تری پێ بەدەست بهێنێ. بەڵام لەڕووە مێژوویی و نەتەوەییەوە بەرپرسانە هەڵسوکەوتی کرد و توانی ئەم سەروەرییە بۆ خۆی تۆمار بکات..

بۆ گوێگرتن لە وانەی سێیەمی[[قوتابخانەی پاسۆک]] " ئێمە سەربازی جەماوەرین کوێخای نین" ناوەڕۆکی ئەم وتارە دووردرێژە تەرخانە بۆ بایەخ و سەنگی جەماوەر و نەسەپاندنی هیچ ئیرادەیەکی دەرەکی بەسەریدا. دۆڕاندنی جەماوەر شەپووری مەترسیداری مەرگێکی بێ چەندوچوونە.. بۆیە لەدیدی پاسۆکەوە ڕێزگرتن لە جەماوەر و گرنگی دان بە سەنگ و ڕۆڵیان، ئاماژەیەکی تەندروستی بیرکردنەوەی هەڵسوکەتی دروستی شۆڕشگێرانەیە.. شایانی گووتنە( جەماوەر سەرچاوەی بوون و دەسەڵاتە) دروشمێکی ناوەندی و کۆڵەکەیەکی فیکری و سیاسی پاسۆک بوو.. ئەگەر خوێنەر بەوردی سەرنج لە ئەدەبیاتی پاسۆک بگرێ، سەری دەسوڕما لەوەدا بۆ هێندە پێگەی جەماوەر بەرز و بەنرخ و هەژمار بکراوە؟!.. ئەم دیاردەیە ڕەهەندی قوڵی فکریی و فەلسەفی و تێڕوانینی ئاوەزمەندانە و یەکسانخواز و دیموکراسی هەیە و ڕێزێکی بێ پایانیشە لە مرۆڤ و پێگەی جەماوەر و کۆمەڵ و گەل و نەتەوە.

له دوای قوتابخانەی پاسۆک دێینە لای ناونیشانی بابەتێکی تری گرنگ له [[بانگێ .. لەسەنگەری پاسۆکەوە]].. کە بۆ هاوڵاتی و هاونەتەوە و هاوژان و چارەنووسی کورد نووسراوە.. ڕووی دەمی لەتاکی کوردە، کە دەبێت بێتە مەیدانی خەبات و بەشداری بکات لەو ئەرکە پیرۆزانەی دەکەوبە سەرشانی.. هەروەک چۆن دەنووسێ: " مرۆڤ لەسەریەتی بەپێی بەهرە و هەڵکەوتی، ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵدابببینێ.." وتارەکە بە دروشمێکی بەرز کۆتایی هاتووە کە نووسراوە:" ئەوەی نەتوانێ بۆ کورد بمرێ، ناشزانێ بژی.."

چەند گووتەیەکی تاریک و چەندانێکی روونی کۆمەڵێ کەس و لایەن لەسەر کورد کراوەتە بابەتێک بەناوی ( تاریک و ڕوون) .. دواتر شیعری "سەربازی ون " پەشێو بێ ئەوەی ناوی بنووسرێ، پێشکەش کراوە بە قەڵادزێ و هەڵەبجەی خوێناوی.. بەبۆنەی یادی ڕسکانی : کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد/ کاژیکەوە شەش بڕگە لە کەلەپووری شۆڕشگێری خراوەتە ڕوو..

دوا لاپەڕەش وەک لای هەموو ژمارەیەک چۆن سەرەتا هەیە، و ماڵاواش دەبێت هەبێت.. [[ماڵئاوا]] بەدوای خۆیدا پرسێکی هەستیار و ستراتیژی دەورووژێنێ و بەجێدێڵێ: " چ زەخیرەیەکمان بۆ پاش ناوبژی خستووە؟!".. مەبەست لەمەش ئەو کۆمەڵە هەوڵ تەقەلا عەرەبی و ناوچەیی و جیهانییە کە دەدرا بۆ وەستاندنی جەنگی ئێران و عیراقی ١٩٨٠-١٩٨٨... بەداخەوە لەم هەلە مێژوویەشدا سەرانی حیزبی کورد لە گێژاوی دروشمی باقوبریق دا گێژیان خوارد بوو.. وایان دەزانی بەشێکن لە ئیمپریالیزم و خەتای ئەوانە جەنگ بەرپا بووە و دڵی مۆسکۆی پێ ئێشاوە!... ئەوە دیسکۆفسکییە دەڵێ: " بێ نیشتمان بیت ، واتە لە ئازار و ژاندا ژیان دەژیت". هەتا ئێستا لە ئازار و ژاندا دەژین، چونکە بیری دروست و پێویست و تەواومان لەسەربەخۆیی نیشتمان نەکردەوە/ ناکەینەوە..

+++++




